# ئەگەر پیاوێک بڵێت: خەڵکی تیاچوون، ئەوا خۆی زیاتر لە هەموویان تیاچووە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر پیاوێک بڵێت: خەڵکی تیاچوون، ئەوا خۆی زیاتر لە هەموویان تیاچووە».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەگەر پیاوێک بڵێت: خەڵکی تیاچوون، ومەبەستی لەم قسە ئەوە بێت خەڵکی بە کەم بزانێت وخۆی بە گەورە وبەرز بزانێت، چونکە پێی وایە ئەو پلەی بەرزترە وفەزڵی هەیە بەسەریانەوە، بەهۆی ئەم قسەیە خۆی لە هەموویان زیاتر تیاچووە، ئەگەر لێرەدا گێڕانەوەی (أهلكُهم) شیبکەینەوە، بەڵام ئەگەر گێڕانەوەی (أهلكَهم) کە -فەتحە- لە جیاتی -زەمە- هەیە لەسەر پیتی -ك-؛ شیکردنەوەی ئەم واتایە ئەوەیە کە خۆی هۆکاری تیاچوونیان بووە چونکە بێهیوای کردن لە ڕەحمەتی خوای گەورە، وڕێگر بوو لەوەی بگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە بە تەوبەکردن، وپاڵنەر بوو بۆئەوەی بەردەوام بن لەسەر بێهێوایی هەتاوەکو تیاچوون.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8877

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee